هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

حكومەتی هەرێمی كوردستان
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٧١) لە ٢٠٢٠/٧/١٥

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و حوکمەکانی یاسای رێکخستنی مافی دەستکاریی زەویوزاری کشتوکاڵی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨، و دوابەدوای نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٧٧٩) لە ٢٠١٨/١٢/١٨، و لەسەر پێشنیاری هاوبەشی هەردوو (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار) و (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو)، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٤) لە ٢٠٢٠/٧/١٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. دەستپێکردنەوەی پرۆسەی قەرەبووکردنەوە بە ڕێژەی (٣٪) بۆ ئەو جووتیارانەی کە خاوەنی گرێبەستی کشتوکاڵی بوون، یان بڕیاری دابەشکردنی زەویی کشتوکاڵییان هەبووە و زەوییەکانیان کەوتۆتە ناو سنووری شارەوانییەکان، و لە پێش ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١٨ بەپێی نووسراوی (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو) ئاڕاستەکراو بۆ (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار) مافی یاسایی قەرەبووکردنەوەیان بۆ جێگیرکراوە بە گوێرەی یاسای ئاماژەپێدراوی سەرەوە.

٢. دەبێت وەزارەتەکانی (شارەوانی و گەشتوگوزار، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، و داد) لیژنەی هاوبەش لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان پێکبهێنن بۆ وردبینی لە دۆسێی ئەم مامەڵانەی لە بڕگەی (١)ی سەرەوەدا ئاماژەیان پێدراوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە دروستیی مامەڵەکان لەڕووی یاساییەوە.

٣. لە دوای جێبەجێکردنی بڕگەکانی سەرەوەی ئەم بڕیارە، دەبێت وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە هەماهەنگی هەردوو وەزارەتی پەیوەندیدار لە سەرەوە مامەڵەی قەرەبووکردنەوەکان جێبەجێ بکات لەبەر ڕۆشنایی یاسای ئاماژەپێدراو لە ماوەیەك کە لە (١٢٠) سەد و بیست ڕۆژی کار تێپەڕ نەکات لە ڕۆژی گەیشتنی ئەم بڕیارە بە وەزارەتیان.

٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران